بافڵ تاڵەبانی: خوێندکارانی کەرکوك دەبێت بە کوردی بخوێنن چونکە کوردی زمانی ڕەسمی عێراقە



بافڵ تاڵەبانی، سەرکی یەکێتی ڕایگەیاند، خوێندکارانی کەرکوك دەبێت بە کوردی بخوێنن، چونکە کوردی زمانی ڕەسمی عێراقە. هەروەها هەوەڵدەن سیستەمێك دابنێن کە مامۆستایانی خوێندنی کوردی کەرکوك، ڕاستەوخۆ لە بەغداوە موچەیان بۆ بێت.

بافڵ تاڵەبانی، ئەمڕۆ سەشەممە لە میانەی وتارکدا بە لایەنگرانی حزبەکەی لە کەرکوك کەموتێع بەدواچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، پێش دوساڵ بەڕێنی لابردنی پارێزگار گەندەڵکە و دانانی پارێزگارکی یەکێتیمان بۆ کەرکوکیەکان دا و جەبەجەمان کرد.
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو پارێزگارەی کە ناوی کاك ڕێبوار بزانێ چی کردوە لەم شارە، بزانێ چۆن کەرکوکی یەکەنز کردوە، بە یەك چاو خزمەتی هەمو لایەك ئێکات. بەو بودجەی کە سێ جار پارە هاتوە بۆ پرۆژە، جادەکانمان پاکن، ئاومان هەیە، کارەبامان هەیە، مەکتەبمان هەیە، خستەخانمان هەیە. ئەمانە بەڕین بون کە جەبەجەمان کرد".

بافڵ تاڵەبانی دەشێت، خوێندکارانی کەرکوك دەبێت بە کوردی بخوێنن، لە دەستوری عێراقدا کوردی

زمانی ڕەسمی عێراق، قەت قەبووڵی ناکەین غەدرمان لێ بکەن.

ئەوشیخستۆو، "تائێستا مامۆستایانی خوێندنی کوردی کەرکوك لە هەرێمی کوردستانەوە موچەیان بە دەت، ئەمە هەوڵدەدەین سیستەمێك دابنێن کە ڕاستەوخۆ لە بەغدادەوە موچەیان بێ بێت، تا ئەم و ئەو گەمە نەکات بە ژیانی مامۆستایان".

بافێ تاڵەبانی باسی لەوشکرد، "بزانێ چەند شەریکە دەت بە کەرکوك، ئەمڕۆ هەمو دنیا ئێیەوە بازگارنی لە کەرکوك بکات ئەمە ڕێبازی مام جەلالە. لایەن هەن کە تائێستا باسم نەکردون، بەڵام ئیمڕۆ باسیان ئەکەم، ئەڵێن کەرکوك بەشێ ڕزگار ئەکەین. نەگبەت کەرکوك بە دیموکراسی ڕزگارکراوە، بەم جەماوەرە کەرکومان ڕزگارکرد".